


**بەیاننامەی سەرۆکی PAK بەبۆنەی 62 هەمین ساڵوەگەڕی کۆماری کوردستان**

ل 2

# کوردستان


NO:(4) | پارتی ئازادیی کوردستان دەری دەکا | ژمارە(4)




**باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ قسەکانی ئۆجەلاندا نین**

ل 4



**دەبێ سنوورێك بۆ کارەکانمان دابنێین**

ل 3

# سەربەخۆیی کۆزۆڤۆ قەڵشتێکی دیکە لە پیرۆزیی سنوورەکان




ڕۆژی 28 ڕێبەندانی 2707 کوردی، بەرانبەر بە 17 فێوریەی 2008 زایینی، پاش ئەوەی "هاشم تاچی" سەرۆک وەزیرانی کۆزۆڤۆ لە پارلەمانی وڵاتەکەیدا، جیابوونەوەی کۆزۆڤۆ لە سربستان دەخاتە دەنگدانەوە، بە تێکڕای دەنگ پەسند دەکرێ."پریستینا"ی پایتەختی کۆزۆڤۆ، بە بەشداریی سەرۆك و ئەندامانی پارلەمان و دەیان هەزار لە خەڵکی کۆسۆڤۆ، نوقمی خۆشی و شادی دەبێ و "هاشم تاچی" سەرۆك وەزیرانی...

بۆ لاپەڕەی 2

## کۆڕێک لە وەزارەتی بازرگانی حکوومەتی ئەمریکا

ڕێکەوتی 11 فێوریەی 2008، کۆڕ و ئێوارەخوانێک لە هۆڵی میوانانی وەزارەتی بازرگانی حکوومەتی ئەمریکا بۆ کۆمەڵێک لە تاجران، سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە، سازکرا.

کۆڕەکە لەژێر ناوی "هەرێمی کوردستان، سەرمایەدانان لە داهاتوودا" دەسپێکرد و مەبەست لە پێکهێنانی ناساندنی کوردستان و ڕاکێشانی سەرنجی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان و متمانەدانی پتر پێیان بۆ سەرمایەدانان لە کوردستان، هەروەها جەخت لەسەر ئامادەیی حکومەتی هەرێم بۆ یارمەتیدانی ئەو کەس و کۆمپانیایانەی بیانەوێ پرۆژەکانیان لە کوردستان وەگەڕبخەن، کرا.

هەریەک لە زاگرۆس یەزدانپەنا و عەلی قادری نوێنەرانی پارتی ئازادیی کوردستان و حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئەمریکا، بەشدارییان لە کۆڕەکەدا کرد.

## بۆ ڕێگرتن لە سەردانی خەڵك مەزاری پێشەوا گەمارۆ درا



ڕۆژی 2 ڕێبەندان، 62 هەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە پایتەختی کۆمار هێزەکانی بەناو "دژە شۆڕش" گەمارۆی مەزاری پێشەوا قازی محەممەدیان دا.

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە مهاباد، بۆ ئەوەی ڕێگە لەو خەڵکەی ساڵانە لەم بۆنەیەدا، ڕوو لە مەزاری پێشەوا قازی و هاوڕێیانی دەکەن، بگرن، لە ڕۆژی یەکی ڕێبەندانەوە، هەموو ئەو ڕێگایانەی دەچنەوە سەر..

بۆ لاپەڕەی 2

## نا بۆ مەجلیسی داگیرکەر بژی سەروەریی نەتەوەیی

حسەین یەزدانپەنا

جارێکی دیکەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شانۆگەریی هەڵبژاردن وەڕێدەخا. بڕیارە ڕۆژی 24 ڕەشەمە "هەڵبژاردن" بکرێ بۆ پێکەوەنانی مەجلیسی هەشتەمی شۆرای ئیسلامیی ئێران.

لەسەر نادیموکراتی بوونی کۆماری ئیسلامی و هەموو پێکهاتەکانی و شانۆگەرییەکانی "هەڵبژاردن" لەو مەجلیسەدا زۆرمان گوتووە و زۆرمان نووسیوە.

ئەوەی پێویست بە پێداگرتنە بریتیە لەوەیکە، بۆ نەتەوەی کورد سەرلەبەری دەوڵەت و حکوومەتی ئێران ناشەرعیین. هەر دەوڵەتێک لە هەر کوێەکی گوێ زەوی ئەگەر بە ئیرادەی ئازادی "خەڵک" دانەمەزرابێ، سەرەڕای زۆری و کەمیی تەمەن و ئاستی هێز و دەسەڵاتی و ڕادەی پشتیوانیی دەرەکی لێی، ناشەرعی و ناڕەوایە. هەر دەوڵەتێک دەبێ ئاکامی "ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی" بێ لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتداراندا.

ئێران وەک دەوڵەتێکی "نوێ" و "مودێرن" لە 1921ەوە، بە دەستی ڕەزاشای پەهلەوی دامەزرا. لەو کاتەوە "ممالک محروسه ایران" کرایە "ئێران". ڕەزاشا بە پشتبەستن بە پشتیوانیی دەرەکی و زەبروزەنگی بێسنوور دەوڵەتێکی سادەی لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەخاکدا بەسەر هەموو نەتەوەکاندا سەپاند و هەموو دیاردە نەفارسیەکانی بەر بێبەزەیییانەترین هێرش و پەلاماردا. ئەمە بۆ ئەو پرۆسەیە بوو کە بۆ "نەتەوەسازی" ئێران پێیدا تێپەڕی...

بۆ لاپەڕەی 7

## سووریا لە پشت تیرۆری "موغنیە"وەیە



"عیماد فیاز موغنیە" ناسراو بە "حاج رضوان" لە (12 فێوریە 2008)دا لە ناوچەی "کفر سوسە" و شەقامی "الحدیقە"ی پایتەختی سووریادا تیرۆر کرا.

ناوبراو سەرکردەی باڵای سەربازیی حیزبوڵڵای لوبنان و سەرپەرشتی دروستکردنی سوپای مەهدی بووە و دەستی باڵای لە داڕشتن و بەڕێوەبردنی پلانەکانی تەقاندنەوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لوبنان، لە 1983، تەقینەوەی ساڵی 1992 باڵوێزخانەی ئیسرائیل لە ئارژانتین و سەنتەری جوولەکەکان لە "بوئنوس ئایرس" دا هەبووە.

عیماد موغنیە دوای گەمارۆی 3 مانگەی بەیرۆت دەبێتە ئەندامی بزووتنەوەی " امل" کە لە لایەن" امام موسی صدر "و "مصطفی چمران" ەوە..

بۆ لاپەڕەی 2

## لە مهاباد کەسێك دەکوژرێ و لە بۆکانیش تەرمێك دەدۆزرێتەوە

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی PAZADIK، شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە 20 ڕێبەندانی 2707، کەسێک بەناوی "خەلیل حەسن کوان" بەتەقەی کەس یان کەسانی نەناسراو دەکوژرێ. هیچ کەس و لایەنێک کوشتنی ناوبراوی وەئەستۆ نەگرتووە و ژمارەیەک لە سەرچاوەکان ناوبراو بە کەسێکی نەباش و "مواد فرۆش" دەناسێنن.

هەر بە پێی هەمان سەرچاوە، سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە 21 ڕێبەندان، تەرمێکی نەناسراوی دیکە لە گەڕەکی "کووی محمدی" لە قەد پاڵی کێوی ناڵەشکێنە دەدۆزرێتەوە. هیچ کەس و لایەنێک کوشتنی ئەو لاوەی وەئەستۆ نەگرتووە، بەڵام گومانی ئەوە هەیە کە دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی لەپشت ئەم تاوانەوە بن.